کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-4-2007 17:00بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بەسەرهاتی کڕینی شەست ماتۆڕەکەی وەزارەتی ناوخۆ ... کاوە

دیارە سیمای گشتی سیاسەتی ئەمڕۆ کە دام و دەزگا حکومییەکانی هەرێمی گەندەڵستان پەیڕەوی دەکەن دیزبەدەرخوونەی کەم و کووڕتییەکانە تاکو ڕای گشتی و خەڵکی دڵسۆز لێی بێ ئاگا بێت.. ئەم جۆرە سیاسەتە بە شێوازێکی زۆر گرنگ ئاژمار دەکرێت لە پۆشین و بی سەروشوین کردنی گەندەڵییە بێشوومارەکان کە زوربەی فەرمانگە فەرمییەکان تیایدا سیخناخە.. ئەم جۆرە گەندەڵییانە بێ هۆ و بێ بناغە نییە و بێگوومان بەرپرسی گەورە لە پشتییەوە دەوەستێت.. بەڵام داخی گرانی هەموو دڵسۆز و پاکێك کە تاکو ئیستا لەم هەرێمەدا گەورە و بچوك باسی گەندەڵی دەکات کە بووە بە واقعێکی تاڵ و کەسیش تاکو ئیستا لەسەر گەندەڵی دادگایی نەکراوە.. ئەمەش ئەگەر لێی بکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی سادەی بۆ بکەین نە موعجیزەیە و نە جادووە.. بەڵکە جێی تیاڕامانیش نیە هۆکارەکەش هاوکێشەیەکی ستراتیجی سەنگینە کە زۆر بەووردی و بە ئاگایی سەرکەوتووانە پراکیزە دەکرێت ئەویش سیاسەتی دیزە بەدەرخوونە کردنی ڕاستییەکانە.. من لەوانەیە نەتوانم لێرەدا ناوی خۆم و سروشتی کارەکەم ئاشکرا بکەم بەڵام ئەوەی توانیم بەهۆی پۆستەکەمەوە لە مینبەری کوردستان نیتی بەڕێزەوە ئاشکرام کرد بەهەموو ووردەکارییە ترسناکەکانەوە.. ئەویش بابەتێك بوو لەژێر ناوی (هاتوچۆی سلێمانی ئەگەر ڕاست ناکەم دەست بکەن بەچاووما) بێگوومان هاتوچۆی سلێمانی نەك بەتەنها نەیانتوانی دەست بکەن بەچاووما بەڵکە زاتی ئەوەشیان نەکرد لە دووریشەوە خۆیان بدەن لەقەرەی ئەم دۆسییە گرنگە کەباس لەیەك کۆمەڵ گەندەڵی زۆر زەقی هاتوچۆی سلێمانی دەکات لەبەر ئەوەی پریشکەکانی چاوی کوێر دەکردن.. من سوێند دەخۆم بە گۆڕی هەموو شەهیدان کە هەموو ووشە و ڕستەو ناوەرۆکی باسەکەم ڕاستی بی خەوش و سەر ڕاست بوو. تەوەرەی سەرەکی بابەتەکەی من لەسەر کۆمەڵی گەندەڵی بوو کە پەیوەندی بە لیژنەی کڕینەوە هەبوو مەترسیدارەکەی: کڕینی60 ماتۆڕ بوو کە45 دانەیان بۆ هاتوچۆی سلێمانی تەرخان کرابوون بەکۆری جۆری هۆندا ناو نووس کرابوون نرخی هەردانەیەکی بە6000 دۆلار تۆمار کرابوو.. ڕاستییەکەی منداڵێکیش دەیزانی کە ئەو ماتۆڕانە ئێرانی یەك پستۆنن و کۆمپانیایی گوڵزار دروستی کردوون و لەبەر خانەقای سلێمانی هەمان جۆر ماتۆڕ هەیە و نرخەکەی 1000 دۆلارە. جیاوازی نرخەکە بیست و دوو دەفتەر و نیو دۆلار بوو.. پانزە ماتۆڕەکەی تر کە بڕێك بچوکترن و بۆ هەندی دەزگای تری وەزارەتی ناوخۆ تەرخان کرابوون. بەهەمان شێوە ئێرانین و بەکۆری ناونووس کراون و نرخی هەر دانەیەکیان بە 3800 دۆلار تۆمار کراوە کە نرخی ڕاستەقینەی لای فرۆشیارەکانی ماتۆڕ 700 دۆلارە واتە جیاوازی نرخەکە چوار دەفتەر دۆلار و نیوە.. بەم شێوەیەش کۆی جیاوازی نرخەکە لە سەرجەمی 60 ماتۆڕەکەدا بیست و حەوت دەفتەر دۆلاری تەواوە. یەکێك لە ئەندامانی لیژنەکە بەڕێوبەری هاتوچۆی ناوشارە کە ئیستا بە شاهیدی هەموو لایەك سەرقاڵی دروست کردنی خانوویەکی سی قاتییە لەسەر کەتەلۆك. کەسێکیش نیە پێی بڵی.. (من رین لك هڎا) .. دواتر باسم لە کۆشکی کارمەندانی هاتوچۆ کردبوو کە چوار توڵی ئەلەمنیۆم و سەقفێکی تەنەکەیە بەپێی پسوڵەکانی ژمێریاری ئەندازەی هاتوچۆ 1200 دۆلاری تێچووە.. کە لەهەموو حاڵەتێکدا لە 150 دۆلار زیاتری تی ناچی ئەگەر فرۆشیارەکە زۆر گرانجانیش بێت.. ئەمە بێجگە لە تەوەرەکانی تری باسەکەم هەر لە بانزینەکە تاکو بیرە ئیرتیوازییەکە بۆ فرۆشتنەوەی تابلۆی دوو ژمارەیی و سی ژمارەیی.. خستنە ڕووی ئەم گەندەڵیانە کە گەندەڵەکان ناتوانن بەدرۆی بخەنەوە لەنائومێدیدایە و تەنها بۆ ئەوەیە ئەڵێم بەڵکە بەرپرسێکی خاوەن وویژدان غیرەتی مەردایەتی بیگری و نهێنییەکانی ژێر بەڕە بخاتە سەر بەڕە.. کەئەگەر بیەوی بە هەموو پێوەرەکان لەئاو خواردنەوە ئاسانترە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.